کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
4-2-2007 20:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

Kurdish Human Rights Association
Artemisg 19, NB
115 42 Stockholm
SWEDE

Fax / Tel: +468 6610880
kmfsverige@gmail.com

## چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ڕوناکبیرانی کورد لە مەترسی تێرور و ڕفاندن دان

بێگومان ماوەیەکی دور و درێژە خەباتکارانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنوسانی ئەم بەشە لە وەڵاتەکەمان کەتونەتە بەر هێرشی دام و دەزگا جۆرا و جۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و حەپس دەکرێن، کار و چالاکی و نوسینیان لێ بەربەست دەکرێ و دەیان بیانویان پێ ئەگیردرێت، تەنیا بۆ ئەوەی بێدەنگیان بکەن. یەکێك لەو کەسانەی کە چەند ساڵێکە بەردەوام لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە ئازار ئەدرێ و حوکمی جیاوازی بە سەر دا دەدری، خەباتکاری مافی مرۆڤ و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێز محەمەد سەدیق کەبودوەندە کە لە دادگای بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێستا چاوەڕوانی حوکم دەکات و هاوکات خەبات بۆ مافی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا دەکات، بەڵام بەداخەوە ئێستا گۆشەی بەندیخانە ئارامترە بۆیان و بەردەوام کەسانێك بە دوایانەوەن بە بێ ئەوە پێناسەی خۆیان ئاشکرا بکەن.

هەروەها دوو چالاکڤانی دیکەی ڕۆژنامەگەری و خوێندکاری بە ناوەکانی ئەجلال قەوامی و ئاسۆ ساڵح چەند جارێک کەوتونەتە بەر هێرشی کەسانێکی نەناسراو و سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد-ئەوروپا پەرۆشی گیان و مانی ئەم بەڕێزانەیە و داواکارین لە کوردانی ئازاد و ئازادیخواز و هەمو ڕێخراوە مەدەنی و سیاسیەکانی کۆمەڵگاکەمان کە بۆ پاراستنی گیانی چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و ڕوناکبیری لە کوردستان هەڵوێست بگرن و دەنگ هەڵبڕن و بە هاواری کۆمەڵەکەمانەوە بێن تاوەکونی هەمومان پێکەوە دەنگی ئەو کەسانە بین و مافەکانیان بپارێزین و کۆمەڵگای ناونەتەوەیی لە ڕاستیەکان ئاگادار بکەین.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کۆرد -ئەوروپا، داواکارە لە کوردەکانی دانیشتوی ئەوروپا، ئامریکا، کانادا و ئوستراليا کە بە ناردنی نامە بۆ کۆمیسیونەکانی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، پارلەمانی ئەو وەڵاتانەی تێاندا ئەژین، داوای پاراستنی گیانی کاک محەمەد سدێق کەبودوەند، ئەجلال قەوامی، ئاسۆ ساڵح و هەموو خەباتکارانی کۆمەلایەتی، ڕوناکبیری و بۆارەکانی مافی مرۆڤ بکەن.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد-ئەوروپا 2007-1-24

---